کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-6-2007 13:55 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ڕێکخراوەی بەرەو کوردستانی شەفاف (TKTO) سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگایی مەدەنی کرد ... بەختیار سیان

لە ڕێکەوتی 2007/6/14، کاتژمێر 11 ی سەرلەبەیانی شاندێکی دەستەی کارگێری تازە دامەزراوی ڕێکخراوی بەرەو کوردستانی شەفاف **(TKTO)**، سەردانی وەزارەتی هەرێم بۆ کاوباری کۆمەڵگای مەدەنیانکرد لە لایەن بەرێز جۆرج منسور وەزیری هەرێم بۆ کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی پێشوازی کران و لە دانیشتنێکدا سەرۆکی ڕێکخراو باسی لە دامەزراندنی ڕێکخراوەکەو پەیرەوکاری ئەم ڕێکخراوەی خستە ڕوو دواتریش چەند تیشکێك لە لایەن بەرێز وەزیری هەرێمەوە بۆ سەرەتای دەستبەکاربوونی ڕێکخراوەکەی ئاماژە پێکرد بۆ هەنگاونان بەرەو کۆمەڵگایەکی شەفاف و مەدەنی لە کوردستان. ئەوەی شایەنی ووتنە ڕێکخراوی بەرەوکوردستانی شەفاف تازە دامەزراوەیەکی نا حکومیە کار لە پێناو هێنانەدی کۆمەڵگایەکی شەفاف دەکات لە ڕێگەی پرۆگرامی هاوچەرخانە بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەکانی خراپەکاری و گەندەلی لە نێو کۆمەلگاو دامەزراوەکاندا، کە تێدا هوشیاری دەدات لەمەر نەهێشتنی ئەم دیاردە خراپ و دزێو وگەندەلانەی وەك پەتایەك بوونەتە ڕێگری بەرەوپێشچوونی پرۆسەی دیموکراسی و کۆمەلگای مەدەنی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.